بەجیهانناساندنی جینۆسایدی گەلی کورد

خاوەنی ئیمتیاز
د. یوسف محەمەد عەزیز

بەجیهانناساندنی جینۆسایدی ئەنفال دەرهەق بە گەلی کورد سەرباری ئەوەی تاوانێکی گەورەی نامرۆڤایەتیە کە لە مێژووی سەردەم بەدەستی بەعسیەکان ئەنجامدرا ئەوەندەش زامێکی قوڵە و لە جەستەی کەسەکانی ئەم خانەوادانە قوڵتربۆتەوە.. بۆ ئەم مەبەستە لەسەرەتای ساڵی (٢٠٠٨) بۆ ئامادەکاری کۆنگرەی ناساندنی جینۆسایدیی ئەنفال-ی گەلی کورد لیژنەیەکی پسپۆر لە لایەنە پەیوەندیدارەکان بەسەرپەرشتی خودی سەرۆکی حکومەت و بەبەشداریکردنی کاریگەرانەی هەردوو وەزارەتی مافی مرۆڤ و ئەنفال و شەهیدان و ژمارەیەک کەسایەتی کە لەم بوارەدا رۆڵی خۆیان بینیوە و کاریان لەسەر ئەم مەسەلەیە کردووە رێکخرا، بێشک ئەم کۆنگرەیە بەسترا و دەنگدانەوەیەکی باشی لێکەوتەوە و ژمارەیەکی بەرچاو لە چالاککارانی غەیرە کورد لە ئەوروپا لەم بوارەدا خاوەن پسپۆرایەتی لە بواری مافەکانی مرۆڤ و کۆمەڵکوژی و رێکخراوەکانی مافی مرۆڤ ئامادەیی بوون و بەدرێژایی ماوەی کۆنگرەکە باس و لێکۆڵینەوەی گرنگ لەمەر ئەم تاوانە پێشکەش کرا. بەر لەم کۆنگرەیەش وەفدێکی وەزارەتی مافی مرۆڤ بەسەرۆکایەتی خودی وەزیر لە کۆبوونەوەکانی ئەنجومەنی مافەکانی مرۆڤ لە بارەگای نەتەوە یەکگرتووەکان لە (جنێڤ) ئەم مەسەلەیەی وروژاند و بەحەقێکی یاسایی گەلی کوردی زانی کە ئەم تاوانە وەک تاوانێکی جیهانی بناسرێ، بەگوێرەی بریاری دادگای باڵای بەغدا و پەرلەمانی عێراق، چونکە بەعسیەکان (١٨٢) هەزار کەسی بێتاوانیان زیندەبەچاڵکرد و (٤٢٠٠) گوندییان خاپوور کرد... ئەوەبوو بەر لە دوو مانگ "گریکۆر ستانین" سەرۆکی رێکخراوی چاودێری جینۆسایدی جیهانی هاتە کوردستان و لەگەڵ لێپرسراوانی هەرێمی کوردستان کۆبووە و لە ناویاندا وەزارەتی مافی مرۆڤ و لەم رووەوە گەلێ گفتوگۆکرا و راشیگەیاند کە کار بۆ ئەوە بکات کۆنگرەی داهاتووی بەجینۆسایدناساندنی ئەنفال لە برۆکسل بەرێوە بچێت.

دیارە بەستنی ئەم کۆنگرەیە لە وڵاتێکی ئەوروپایی و ئامادەبوونی ژمارەیەک لە سیاسەتمەدار و پسپۆرانی بواری ناساندنی جینۆسایدی دونیایی و نوێنەرانی رێکخراوەکانی مرۆیی و مەدەنیەت، خۆی لە خۆیدا جۆرێک لە شەرعیەت و بەجیهانبوونی خۆی وەردەگرێ و مەسەلەکەش دەچێتە قۆناغێکی تر و فایلێکی پڕ لە بایەخی نەتەوە یەکگرتوەکان دەبێ و بەشێکیش دەبێت لەو مێژووە رەشەی بەعسیان کە بەسەر ئەم گەلەیان هێناوە.. بەڵام ئەوەی لێرەدا دەمانەوێ باسی لێوە بکەین دەبێت ئەم لیژنەیە کە تا ئێستا شەرعیەتی خۆی هەیە بۆ ئامادەکاری کۆنگرەی جیهانی لەم جۆرە، بۆیە هەر لە هەرێمی کوردستان بەهەماهەنگی هەردوو وەزارەتی مافی مرۆڤ و شەهیدان و رێکخراوی چاودێری جینۆسایدی جیهانی کارێکی تۆکمە بکەن و بەرنامەرێژییەکی پڕاوپڕی بۆ دابرێژن و هەر لە ئێستاوە راگەیاندنەکان هەر یەکە و لەلای خۆیەوە ئەم رووداوە و ئەم کۆنگرەیە بەرز رابگرێ و مەلەفاتی تایبەتی بۆ بکاتەوە و لەدوور و نزیکەوە سەرنجی دونیا بۆ ئەم تاوانە گەورەیە رابکێشێ و ووردەکارییەکانی لەسەر لاپەڕەی رۆژنامە و کەناڵە تەلەفزیۆنییەکانی جیهان بڵاوبکاتەوە و رۆژانە کار لەسەر ئەم هەموو (دیکۆمێنت)انە بکات کە ئەوە دەسەلێنن بەعسیەکان چ تاوانێکی گەورەیان دەرهەق بەم گەلە ستەمدیدەیە کردووە و تاگەیاندوویانەتە ئەنفالکردنی (١٨٢) هەزار ژن و پیاو و منداڵ و پیری پەککەوتە سڕینەوەی ئاسەواری جوگرافی زێدی باوباپیریان کە ئەمە قەت لەگەڵ بنەماکانی جاڕی جیهانی مافەکانی مرۆڤ یەکتر ناگرنەوە و دوورە لەهەموو بەهایەکی مرۆیی، چونکە ئەم لیژنەیە لێپرسراویەتیەکی نەتەوەیی لەمەڕ ئەم مەسەلەیە لە کۆڵێیە و خودی سەرۆکی حکومەتیش بایەخ بەم کارە دەدات.

دووبارەی دەکەینەوە بەستنی کۆنگرەی بەجیهانناساندنی جینۆسایدی ئەنفال لە (برۆکسل) داهاتوویەکی روون و مێژوویەکی پڕ سەروەری گەلی کوردە و ئێمەش هەموومان ئامادەین کاری بۆ بکەین...